Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# رۆژنامەنوسانی عێراق کۆتوبەندی ئیقلیمی بۆ سەر میدیا رەتدەکەنەوە

رۆژنامەنوسان بەتوندی رەخنە لە کۆمکاری عەرەبی دەگرن بۆ تەبەنناکردنی رێسای بەرفراوان بۆ رێکخستنی کاری میدیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.
.

ئەو میساقە کە میساقێکی مولیزم نیە، لەلایەن میسر و عەرەبستانی سعودیەوە داڕێژراوە و لە ١٢ی شوباتی ئەمساڵدا و دوابەدوای کۆبونەوەیەکی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە، تەبەنناکراوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکانی هەواڵ، لوبنان و قەتەر تەنها دەوڵەتی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی بون کە نیگەرانیان سەبارەت بە میساقەکە دەربڕیوە، بەڵام حکومەتی عێراق، کە ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو، دەڵێت ئەویش لەسەر ئەو میساقە رازی نیە. لە هەمان کاتدا، نوێنەرانی میدیای عێراقی رەخنەی توندیان ئاڕاستەی ئەو کۆتوبەندە پێشنیارکراوانە کردوە.

هاشم حەسەن، پرۆفیسۆر لە کۆلیژی میدیای زانکۆی بەغدا وتی، "ئەم میساقە ئەتوانرا لە سەردەمی رژێمی سەدامدا بسەپێنرێت."

واتە "مادەی ١٩"ی تایبەت بە مافەکانی میدیا کە بارەگاکەی لە لەندەنە، ئەو بەڵگەنامەیە - پرەنسیپەکانی رێکخستنی پەخشی رادیۆ (Article 19) بە گوێرەی رێکخراوی و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی لە ناوچەی عەرەبیدا – داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکان ئەکات کە یاساگەلێك بهێننە ئاراوە بۆ سەپاندنی ئەو کۆتوبەندانە و مۆڵەتیش لەو کەناڵانەی میدیا بسەننەوە یان رابگرن یان تازەنەکەنەوە کە ملنادەن بە یاساکان.

ئەو شتانەی میساقەکە بە یاساغ ئەیداتە قەڵەم هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە سەرکردە هەرێمیەکان برینداردەکات؛ زیان بە یەکێتی نیشتمانی دەگەیەنێت، خوا و ئایینە یەکتاپەرستەکان و مەزهەبەکان ئەخاتە ژێر پرسیارەوە.

سەیف خەیات، بەڕێوەبەری نوسینگەی ئاژانسی دەنگوباسی ژاپۆنی لە بەغدا، وتی، "ئەم میساقە میدیای عەرەبی چەند هەنگاوێك ئەباتە دواوە."

زیاد عەجیلی، سەرۆکی رێکخراوی رۆژنامەگەری روانگەی ئازادیە رۆژنامەنوسیەکان (مرصد الحريات الصحفية) کە بارەگاکەی لە بەغدایەو چاودێری ئەو پێشێلکاریانە ئەکات کە دەرهەق بە میدیا ئەکرێن، وتی ئەو دیکۆمێنتە لەلایەن رژێمە عەرەبیە "فاشیستەکانەوە" ئیمزاکراوە کە لەوە دەترسن دەسەڵاتیان لەدەستبدەن.

هەروەها وتی عێراق بارێکی جیاوازی هەیە لە وڵاتەکانی تر لە ناوچەکەدا چونکە، "دەستور ێکی هەیە کە ئازادی رۆژنامەگەری مسۆگەرئەکات."

هەروەها عەجیلی وتی، "ئێمە لە وڵاتێکداین کە هەوڵ ئەدات ئازادی زیاتر دەستەبەربکات، ئێمە چیتر وڵاتێکی فاشیستی نین."

دوابەدوای سەرنگونکردنی سەدام حسەین لە ٢٠٠٣ دا، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا وەزارەتی راگەیاندنی هەڵوەشاندەوە کە پێشتر زمانحاڵی پروپاگەندای رژێم بوو.

"جابر جابری، گەورە لێپرسراوی وەزارەتی رۆشنبیری عێراقی، وتی، "ئێمە میدیامان رزگارکردوە، ئیتر چۆن بگەڕێینە دواوە و کۆتوبەندی بەسەردا بسەپێنین؟

"هیچ حکومەتێکی دیموکراسی نیە ئامادەبێت وەها دیکۆمێنتێك ئیمزابکات کە ئازادیەکان پێوەندبکات."

لە کاتێکدا دەستوری عێراقی ئازادیەکی میدیای زیاتر لە وڵاتانی تری عەرەبی فەراهەمدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند رێگەیەکی دۆزیوەتەوە بۆ پێوەندکردنی میدیای پەخشکراو.ساڵی پار وەزارەتی ناوخۆ نوسینگەکانی کەناڵی شەرقیەی داخست، کە یەکێکە لە هەرە جەماوەریترین کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی عێراق، و ئەو وەزارەتە ئەیوت ئەو کەناڵە هەستی تایەفەگەری وروژاندوە. هەروەها کەناڵی جزیرەش ئیشکردنی لە عێراقدا لێ قەدەغەکرا.

بەڵام هێشتا هەر خەمیانە و ئەڵێن تەنانەت ئەگەر عێراق و وڵاتانی تریش میساقەکە رەتبکەنەوە، هەر کاریگەری دەبێت لەسەریان.

خەیات وتی ئەگەر بۆ نمونە قاهیرە بڕیاربدات کە بەرنامەیەکی دیاریکراوی نایلسات- کە کەناڵێکی بەناوبانگی تەلەفزیۆنی ئاسمانیە و بارەگاکەی لە میسرە و پەخش بە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات- پێشێلی ئەو میساقەی کردوە، ئەوا ئەو بڕیارە کاریگەری دەبێت بۆ سەر ملیۆنەها بینەر لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

داوایان لە حکومەتە عەرەبیەکان کردوە ئەو میساقە رەتبکەنەوە (CPJ) رێکخراوەکانی مافەکانی میدیا، وەکو رێکخروای (مادەی ١٩) و لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنوسان.

جۆیل سیمۆن، بەڕێوەبەری تەنفیزی لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە لێدوانێکدا سەبارەت بەو میساقە وتی، "ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی قبوڵنەکراوە کە لەلایەن حکومەتە دیکتاتۆریەکانەوە نراوە بۆ بێبەشکردنی بینەران لەو تۆزە ئازادی پەخشی میدیاییەی هەیانە و لە تەلەفزیۆنەکانی خۆیانەوە چێژی لێ دەبینن."

بەڵام ئەوەش هەیە کە هەموو ڕۆژنامەنوسە عێراقیەکان بەرهەڵستی دیکۆمێنتەکە ناکەن. عاسیفە موسا کە ڕۆژنامەنوسە و نەویویست ناوی ئەو ڕێکخراوە هەواڵیە بڵێت کە ئەو سەرپەرشتی ئەکات، وتی، "پێویستە کۆتوبەند بخەینە سەر میدیا بۆ ئەوە باشترکردنی باری ئەمنی."

عاسیفە وتی ئەگەر کاری دەزگاکانی پەخشکردن بە ڕێسا ڕێکبخرێت، ئەوا کەمتر ڕەفتاری ئیستیفزازی ئەنوێنن. هەروەها وتی ئەکرێت ئەمە ژیانی ڕۆژنامەنوسانیش بپارێزێت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەکرێنە ئامانج لە عێراقدا.

عاسیفە بەشێوەیەکی تایبەت پشتگیریی لەو بەندە دەکات کە ڕەخنەکردنی مەزهەبەکان قەدەغەدەکات و ئەڵێت ڕاپۆرتی لەو جۆرە "بۆتە هۆی کوژرانی هەزارەها عێراقی."

باسم شەرع ڕۆژنامەنوسێکی (IWPR)ە لە بەغدا.

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B1%DB%86%DA%98%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D9%88%D8%B3%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%83%DB%86%D8%AA%D9%88%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%DB%8C-%D8%A6%DB%8C%D9%82%D9%84%DB%8C%D9%85%DB%8C-%D8%A8%DB%86-%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%B1-%D9%85%DB%8C%D8%AF%DB%8C%D8%A7-%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C